کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-10-2007 1:59بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## من لێت زیزم ... کانی هەڵەبجەیی



هەموو ڕۆژێ کاتێ هەتاو
هەڵدێ و ماچی ئاسمان ئەکات
کاتێ شەماڵ دێت و
یاری بە پەرچەمی خاوم ئەکات
دڵم زیز ئەبێت لە ژیان
چاوم پڕ ئەبێت لە گریان
ئاخر گوڵم وات فێر کردووم
هەموو سپێدەیەک بە تیشکی خۆرا
نامەیەکم بۆ بنێریت
وا ڕاهاتووم هەموو شەوێ
بە چاوی ئەستێرەکان و
تریفەی مانگدا
شیعری جوانم بۆ بنێریت
کەچی عەیامێکە ونیت
نامەیەکی تۆم پێ ناگات
تەنهاییت ڕاسپاردووە
بێت لە جیاتیت باوەشم کات
ئەمڕۆ دڵم بڕیاری دا
بە هەورێکی دڵ پڕی وەک خۆی
ئەم نامەیەت بۆ بنێرێت
تێیدا پێت ئەڵێت دەرکەوە
چاوەڕوانیت شێتم ئەکات
دەرکەوە پێش ئەوەی سەراب
بۆ چاوانی ڕاکێشم کات
لە بیرت دێ؟
لە بیرت دێ پێت ئەوتم
گەر زیز بی لێم، من دڵ تەنگم؟
ئیتر لە خۆم نابورم و
ئاوێزانی مەرگم؟
دەوا پێت ئەڵێم زیزم
زیزم لەوەی کە لێم ونیت
دەدەرکەوە...
دە دەرکەوە نەکا زیزیم
وەک گەردەلولێ هەڵگا و
چی یادگاری نێوانمانە
بۆ ئامێزی گۆڕێ بەرێت

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
9-10-2007 1:59بەکاتی ناوەندی ئەوروپا
دەرکەوە دەی مەیەڵە زیزیم
بێتە شەپۆلێکی تورە و
خۆم و عەشقم بەرەو کەنارێ
لە فەنابوون بەریێت...

هۆڵندا
Kany_awin@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.